# لە چەند هەفتەی ئایندەدا "سنا" دەستبەکاردەکات

"کارەکان لە ستۆدیۆکانی کەناڵی سەتەلایتی (سنا) بەرەو تەواوبوون دەچنو بەم شێوەیە لە چەند هەفتەی ئایندەدا پەخشی ئەزموونیی (سنا) دەستپێدەکات". ئەمە ئەو وتانەیە کە قاسم هادی بەڕێوەبەری کەناڵی سەتەلایتی کۆنگرەی ئازادی عێراق راگەیاندنەکەی بەبۆنەی نزیکبوونەی دەستپێکردنی پەخشی ئەزموونیی تەلەفزیۆنەکەوە پێ دەستپێدەکات. لە درێژەی راگەیاندنەکەیدا هاتووە: "(سنا) سەرەتا بە 14 سەعات پەخش لە هەفتەیەکداو دوو سەعات لەرۆژێکدا دەستپێدەکاتو رۆژانە بەرنامەکان دوو جاری تر دووبارە دەکرێتەوە، واتە رۆژانە تەلەفزیۆنەکە 6 سەعات پەخشی دەبێت. پاشان پێبەپێی گەشەکردنی تواناکانی کەناڵەکە سەعاتی پەخشی رۆژانەش زیاد دەکات. کاتی پەخشی سەرەکی رۆژانە سەعات 21:30 بۆ سەعات 23:30 دەبێت.". بەڕێوەبەری سەتەلایتی (سنا) لە کۆتایی راگەیاندنەکەدا دەڵێت: "هەرلێرەوە لەلایەن کەناڵی سەتەلایتی "سەنا"وە بانگەوازی جەماوەری خەڵك دەکەم بۆ کۆبوونەوە لەدەوری ئاڵاو مەنشوری کۆنگرەی ئازادی عێراقو تێکۆشان بۆ کۆتایی هێنان بە داگیرکاریو گێڕانەوەی مەدەنیەت بۆ کۆمەڵگای عێراق، وە بانگەوازیان دەکەم بۆ یارمەتیدانی کەناڵەکە بە پێشنیارو سەرنجو هاوکارییەکانیان، هەر هاوکاریەك هەنگاوێك جەماوەر بەرێتەپێشەوە لەلایەن ئێمەوە پێشوازی لێدەکرێت، هەروەها کەناڵەکەمان لەرێگەی دەزگای "سنا" بۆ بەرهەمهێنانو دابەشکردنی هونەریەوە پێشوازی لە هەموو داهێنانێکی هونەریتان دەکات".